## له ڕاستیدا ئینتیگراسیۆن چلۆن پێك دێ؟

له سەردەمی پێشووتردا لێکۆڵینەوە و پرسیار لە ناو کۆمەڵگاکاندا وەك هێزێکی بڕیاردەر بووە. ئەزموونی ناوەندە زانستییەکان لە حاڵەتی ئاسایی خۆیاندا لە لایەن خەڵکەوە سەلمێندراون و ئەرکی مێدیاکان هاسانکردنەوەی زمانەوانیی ئەزموونی زانستی بووە بۆ ئەوەی مرۆڤی ئاسایی لێی تێ بگەن. تەنیا زانایان لەو بارودۆخەدا بوون کە دەست لە ئەزموونی ناوەندە زانستییەکان وەردەن و هەڵە و پەڵەکانیان بگرن. لەمڕۆدا پەرەسەندنی زانستی شێوازێکی گلۆبالی بەخۆیەوە گرتووە، بەتایبەت ئەگەر لەسەر تەوەرەکانی "ئیسلام"، "مرۆڤی کۆچبەر" و "گۆڕانی کەش و هەوا"بێ. بە پێی ئەوەی مرۆڤ خۆیان چ باوەڕ و بۆچوونێك یاخود چ چاوەڕوانییەکیان هەیە، خۆیان بەو ناوەندە تاقیکارییە زانستییانەوە هەڵدەواسن بۆئەوەی ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆیانی پێ بسەلمێنن.

ئەو سەلماندنە دەمارگیرەساڵیانی درێژە کارتێکەریی بووە لەسەر باس لەسەرکردنی تەوەری ئینتیگراسیۆن. هەروەها بەهۆی هاتنە مەیدانی مێدیا نوێیەکان و بەتایبەت ئەوانەی وا بزووتنەوی تەوەری ئیکۆلۆژی بە گوێی مرۆڤ دەگەیێنن و بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە، هێندەیتریش بارودۆخەکەیان ئاڵۆز کردووە. ئەزموونی تاقیکارییەکان کە لە لایەن ناوەندە زانستییەکانەوە ڕاگەیەنراون، مرۆڤی ئاسایی ئەستەم دەتوانێ هەڵس و کەوتیان پێبکات. مێدیاکان لەمێژە تەنیا ڕۆڵی نێونجیکەریان نییە بەڵکوو زۆر جار وەك دادوەر هەڵس و کەوت دەکەن. ئەوان تەوەرەکان ڕێك و پێك دەکەن، هەڵیان دەسەنگێنن و هیچ بۆیان گرنگ نییە لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە بە قامکی داب ونەریت کەسێك نێشانە بگرن. سەبارەت بە تەوەری ئینتیگراسیۆن، زیاد لەوانە، کێشەی چەندین تاقیگا بە ئەزموونی جیاواز لەیەکترەوەشی لێ زیاد دەکرێ. هاوکات لەگەڵ ئەوەی یەك لەو تاقیگایانە دێتە سەر ئەو بۆچوونە زۆرینەی موسوڵمانان لە کۆمەڵگا ئورووپاییەکان لە یاساکانی شەریعە پەیڕەوی دەکەن،

ئەویتریان دێتە سەر ئەو قەناعەتە کە زۆرینەی موسوڵمانان لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییکاندا گوێڕایەڵی یاساکانی کۆمەڵگا سەرەکییەکەیانن. هەروەها تاقیگایەکیتر وەك زانستگەی مونستر لە ساڵی ٢٠١٦ لەژێر ناوی "ئینیتگراسیۆن و ئایین لە ڕوانگەی تورکەکانی ئاڵمانەوە" هاتۆتە سەر ئەو ئەزموونە کە نیزیکەی یەك لە سێی ئەو تورکانەی لە ئاڵمان دەژین، ویست و ئارەزوویان گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگای ئیسلامی سەردەمی محەمەدە. ئەو گوتەیە کە : "خۆ هەڵواسین بە یاساکانی ئایینەکەم بۆ من زۆر گرنگترە لە یاساکانی ئەو وڵاتەی لێی دەژیم" وەک یەك لە پرسیارەکانی ئەو ناوەندە لە موسوڵمانان، ٤٧ لەسەدی تورکەکانی ناو ئاڵمان بە هەڵس و کەوتیکی دورستیان داناوە. ٣٦ لە سەدی ئەو مرۆڤانە لەسەر ئەو بۆچوونەن کە تەنیا ئایینی ئیسلام لە بارودۆخێك دایە کێشەکانی کۆمەڵگای سەردەم چارە بکا.

بە پێی بۆچوونی پسپۆرانی شاری مونستر ئەو موسوڵمانانەی پرسیاریان لێ کراوە، ١٣ لە سەدیان "ئیسلامی فوندامێنتالیست" واتە زێدەڕۆ بە سیستەمی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگا دادەنێن. ٨٦ لە سەدیان، کە وەچەی دووهەم و سێهەمی ئەو مرۆڤانەن، بە پێی ئەزموونی تاقیگاکان بە دەنگی بەرز دەڵێن: "مرۆڤ دەبێ بە هەستی باوەڕبەخۆییەوە لە پشت ئەو وڵاتەی لێی هاتووە، ڕاوەستێ"، پرسیارێك کە دایك و باوکانیان واتە وەچەی یەکەم، ٦٧ لە سەدیان پێیان دروست بووە.

لە لایەکیتریشەوە تاقیگای برتلسمەن ساڵی ٢٠١٧ دێتە سەر ئەو ئەزموونە کە ٩٦ لە سەدی ئەو موسوڵمانانەی لە وڵاتی ئاڵمان دەژین هەستێکی زۆر قووڵ و خۆشەویستییەکی گەلێك ڕوونیان بۆ وڵاتی ئاڵمان هەیە. ئەوان نەک هەر لێرە هەست بە بەختەوەری دەکەن، بەڵکوو لە بازاڕی کاریدا خۆیان ئینتگریرە کردووە. ٦٠ لە سەدیان کاری تەواو وەختیان هەیە و ٢٠ لە سەدیان بە شێوەی نێوە ڕۆژ کار دەکەن. بە پێی ئەو بۆچوونە وڵاتی ئاڵمان لە ڕوانگەی ئینتیگراسیۆنی کارییەوە لە پێش وڵاتانی وەك سویس، نەمسا، فرانسا و ئینگلستانەوەیە.

ئەو كارە سەركەوتووييەكی مەزن دەبوو، ئەگەر ئاماری ئيدارەی كار ئەو بۆچوونەی بسەلماندايە. بە پێی ئاماری ئيدارەی كاری ساڵی ٢٠١٦ ژمارەی بێكارانی وڵاتی ئاڵمان بە گشتی ٤،٣ مليۆن كەس بوون و ٥٢،٦ لە سەديان مرۆڤی بيانی بوون. بۆ زانياريی، ژمارەی موسوڵمانانی ناو ئاڵمان تەنيا ٦ لە سەدە.

جياوازی نێوان ئەزموونی ئەو ناوەندە تاقيكارييانە و ڕەخنەگرتن لێيان كێشەيەكی سەرەكی نيشان دەدات بەتايبەت ئەگەر تەوەركە سۆزداری و عاتيفی بێ و هەر وەك دەشزانين هيچ شتێك لە تەوەری ئينيتگراسيۆن سۆزدارتر نييە.

كاتێ من ١٥ ساڵ پێش ئێستا لەسەر تەوەری زێدەڕۆيی گەنجانی موسوڵمان لە وڵاتانی بيانی تاقيكارييەكەم وەرێخست، بەو كارە دەستم پێكرد كە پرسيارەكان وەك پرسيارنامە لە ناو قوتابيانی عەرەبی دووهەم وەچەی وڵاتانی ئاڵمان و فرانسادا بڵاو بكەمەوە. لەسەر پرسيارنامەكە پرسياری پلەی ئايينی، بەهاكانی كۆمەڵگای رۆژئاوايی، ياساكانی شەريعەت، ڕۆڵی ژێندەری مرۆڤ(ژن يا پياو بوون)، هەڵاواردن يا جياوازيدانانی نەتەوەيی، جيهاد و خەلافەتم دانابوو. بە چاولێكردنی وەڵامەكان بۆم ڕوون بۆوە كە ڕاستەقينەی بۆچوون و ژيانی مرۆڤی ئيسلامی لەم وڵاتانە جۆرێكيترە. **يەكەم،** هەموو ئەو مرۆڤانەی پرسيارنامەكەم پێدابوون، وەڵاميان پێ نەدامەوە. نەك بەو هۆيەی كاتيان نەبووبێ بەڵكوو چەشنی پرسيارەكانی منيان پێ دروست نەبوو. ئەو سەردەمە ماوەيەكی كورت دوای كارەساتی ١١ی سپتامبر بوو و زۆربەی موسوڵمانان لە وڵاتانی بيانی دۆخێكی پڕ لە شك و گومانيان تێدا پەروەردە ببوو. بڕێكيان ترسيان هەبوو كە نەكا ئەو پرسيارانە لە لايەن ناوەندە ئەمنييەكانی دەوڵەتييەوە بەڕێوە بچێ و كێشەيەكی دادپەروەرييان بۆ دروست بێ ئەگەر ڕوانگەی ڕاستەقينەی خۆيان نيشان بدەن. **دووهەم،** ئەو كەسانەی وەك مرۆڤی زێدەڕۆ گومانيان لەسەر دەكرا، هيچ تامەزرۆييەكيان نەبوو ڕوانگەی بيركردنەوەكەيان بێننە سەر كاغەز. **سێيەم،** موسوڵمانانی كراوە كە بير و بۆچوونی خۆيان نە دەشاردەوە

پرسیارەکانیان زۆر بە پارێزەوە وەڵام دەدایەوە. بە واتایەکیتر: ئەو قسانەی نەدەگوتران زۆر لەوە زیاتر بوون کە من دەستم کەوتبوو.

سەرەڕای ئەوەش من دەمتوانێ ئەزموونی ئەو وەڵامانە وەك تاقیکارییەکی زانستی بڵاو بکەمەوە و دڵنیام زۆر بە ساکاریش لە لایەن بەرپرسانی وڵاتەکەوە دەسەلمێندرا. ڕەنگە بە بڵاوکردنەوەی ئەزموونی پرسیارەکانم بڕێك بارودۆخی موسوڵمانانی وڵاتی ئاڵمانم باشتر بکردایە بەڵام هیچ کارتێکەرییەکی لەسەر بارودۆخی ڕاستەقینەی موسوڵمان نەدەبوو.

کەوابوو من بڕیارم دا لە داهاتوودا چاوپۆشی لەو چەشنە پرسیار و وەڵامانە بکەم و لەجیاتی ئەوە، ڕاستەوخۆ باس و گفت و گۆ لەگەڵ ئەو مرۆڤانە بەڕێوەبەرم. دیارە ئەو مێتۆدە کارێکی پڕ زەحمەت و چەتوونە چونکە لە ڕوانگەی کاتەوە ماوەیەکی دوور و درێژ دەکێشێ و پێویستی بە زەمان هەیە بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێ پەیوەندییەکی متمانەدار لەگەڵ ئەو کەسانە پێك بێنێ و بیر و بۆچوونیان بخوێنێتەوە. زۆربەی ئەو کەسانەی ئاخافتنم لەگەڵ دەکردن لە سەرەتاوە نەیاندەزانی بیر و باوەڕی ڕاستییان چلۆنە و بە پێی کات لایەنگرییان لە بۆچوونێکی دیاریکراو دەکرد. یاخود تەنیا ئەو کاتەی پرسیارە کۆنەکانم لەسەر ئایین لێ دەکردن، هەستم بە بۆچوونەکانیان دەکرد.

بۆ پێکهێنانی ناوەڕۆکی ئەو کتێبەی بەر دەستتان ژمارێکی زۆری وتووێژم لەگەڵ نەك هەر مرۆڤی بیانی ناو وڵاتی ئاڵمان بەڵکوو تاقمێکی زۆری پەنابەری عێراقی و سووری کردووە. بەو هۆیەی ئەو مرۆڤانە لە وڵاتی سیستەمی پۆلیسییەوە دێن، سیستەمێك کە مرۆڤ بەردەوام لە لایەن ناوەندە نهێنییە ئەمنیەکانەوە لەژێر چاوەدێری دایە، زۆربەیان ترسێکیان تێدا بوو کە نەکا وەڵامەکانیان کارتێکەری لەسەر بارودۆخی پەنابەرییەکەیان هەبێتێ. بەو هۆیەوە باسەکان زۆر جار لە سەرەتاوە بە بەسەرداهەڵگوتنی خاتو مێرکل و ئاڵمان وەك وڵاتی دێموکراسی و ئازادیی دەستی پێدەکرد. ئەو کاتەی بۆیان ڕوون دەبۆوە کە وت و وێژەکە

هیچ فڕێکی بەسەر دەوڵەتی ئاڵمانەوە نییە و من تەنیا بۆ کتێبەکەم کەڵکی لێ وەردەگرم، ترسەکەیان دەشکا و کراوەتر لەسەر بۆچوونەکان و کێشەکانیان ئاخافتنیان دەکرد. جا لێرەدا وتووێژەکان جیاوازییان دەبوو. یەکیان کە لە یەکەم وت و وێژدا گوتبووی تەنیا لەبەر دێموکراسی هاتۆتە وڵاتی ئاڵمان، چەند حەوتوو دواتر لە دانیشتنێکی گشتیدا دەیگوت: "لە ڕاستیدا ئەگەر لە وڵاتی ئاڵمان یارمەتی سوسیال نەبایە، هەر بەیانی دەگەڕامەوە بۆ وڵاتی خۆم."

مرۆڤ وەستاو و نەگۆڕ نییە، لە جووڵانەوە دایە و بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا دێ و خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێ ڕێك دەخا. زانستی کلاسیکی تەنیا لەگەڵ مەقووله و مێتۆدی نەگۆڕ کار دەکا، هەر وەك ئەو مێتۆدانەی لە زانستی سرووشتیدا شتێکی ئاساییە. مرۆڤ ناتوانێ هەستپێکردن و ڕوانگەکانی هەر بە هاسانی دەستەبەندی و قاتبەندی بکا. زۆربەی هەڵس و کەوتەکانیان وێنەیەکی کاتییە نەك وێنەیەکی هەمەلایەنە، بەتایبەت ئەو کاتە تەوەرەکە عاتفی و سۆزدار بێ و لە نێوان پرسیارکەر و وەڵامدەر هیچ لێك نیزیکبوونەوەیەك بوونی نەبێ، لە هەنبەر یەکتر شك و گومانیان هەیە و هەر باسێك لەسەر کۆچبەر، ئینتیگراسیۆن و ئیسلام دەکرێ بە هێرشکاری یا تاوانبارکردن لێی تێ دەگەن. شتێکی سەیر نییە زۆربەی کۆچبەران لەسەر پرسیاری تەلەفۆنی یا نووسراوەیی تاقیکارییە زانستییەکان هەڵس و کەوتی نەرێنی لەخۆیان نیشان دەدەن. سەرەڕای ئەوەش، مرۆڤ لەڕێگەی چەشنایەتی و ڕێك و پێککردنی پرسیارەکانەوە دەتوانێ کارتێکەری لەسەر ئەزموونی کارەکە دابنێ: بۆ وێنە ئەگەر مرۆڤ بیەوێ وەڵامدەرەکە لەسەر تەوەری جیهاد هەڵس و کەوتی ئەرێنی هەبێ، لە یەکەم پرسیارەکاندا بە هێرشی خاچپەرەستان و بارودۆخی ناخۆشی موسوڵمانان لە فەلەستین یا سوریا دەست پێدەکا. دواتر دەبێ پرسیار لەسەر جیهاد ئاوا فورمووله بکرێ: "ئایا ئامادەن بۆ ئەوەی یارمەتیدەری موسوڵمانانی هەژار و ژێرچەپۆکە لە سەراسەری جیهان بن، جهاد بەڕێوەبەرن؟" بە ئەگەری زۆر زۆرینەی وەڵامەکان لە خزمەت بەڕێوەبردنی جیهاددا دەبن. ئەگەر مرۆڤ بیهەوێ

وەڵامی نەرێنی دژ بە جیهادی وەدەست کەوێ، دەبێ بە پرسیاری کاولکاریی و تیرۆری داعیش و تیرۆریستەکانیتر دەست پێ بکا.

بە پرەنسیپێکی هاوچەشن دەکرێ پرسیار لەسەر بەهاکانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی درێژە پێ بدرێ. ئەگەر من لە کەسێك پرسیار بکەم ئایا هەست بە جیاوازیی کۆمەلایەتی دەکا یا ئەو هەستەی هەیە کە مرۆڤی ئاڵمانی مافەکانی ئایینی ئیسلام بە فەرمی دانانێن، بە ئەگەری زۆر زۆرینەی ئەو مرۆڤانە بە "ئا" وەڵام دەدەنەوە. یا ئەگەر مرۆڤ ڕاستەوخۆ پرسیار بکا، ئایا ئێوە یاساکانی وڵاتی ئاڵمان بە فەرمی دەناسن، وەڵامدەرەکە ناچار دەکرێ بە "ئا" وەڵام بداتەوە. چونکە چلۆن دەکرێ مرۆڤ شکایەتی لە کارێك هەبێ – کە ئاڵمانی بەها و ئەرزش بە موسوڵمان نادەن - ، ئەگەر مرۆڤ بە پێچەوانە بەها و ئەرزشی ئاڵمانییەکان بەفەرمی دانەنێ؟

مرۆڤ تەواو وێنەیەکی جیاوازتر وەردەگرێ ئەگەر پرسیارەکان لەسەر هەڵس و کەوتێکی تایبەت بێ، بۆ وێنە خواردنەوەی مەشرووب، هەڵس و کەوتی سێکسی یا هاوجینس بازی. لێرەدا بە ئەگەری زۆر بۆچوونەکان دژ بەو هەڵس و کەوتانەن. ئەگەر مرۆڤ بە گشتی پرسیار لەسەر ئازادی کەسی یا ئازادی ڕادەربڕین لە موسوڵمان بکا زۆربەی هەرە زۆریان بە "ئا" وەڵام دەدەنەوە. بەڵام کاتێ پرسیار بکرێ کە ئایا کچەکەی ئیزنی هەبوونی دۆستێکی کوڕ یا پێش زەماوەند ئیزنی نیزیکی سێکسی پێ دەدرێ (ئازادی کەسی)، یا ئایا مرۆڤ ئیزنی ڕەخنەگرتن لە پێغەمبەر (ئازادی ڕادەربڕین)ی هەیە، "ئا" گوتن بەو چەشنە پرسیارانە بە گورجی کەم دەبنەوە.

ئێوە دەبینن، کارێکی زۆر ساکار نییە بە یارمەتی تاقیکارییە زانستییەکان بتوانرێ هەرسهێنان یا نەهێنانی ئینتیگراسیۆن بپێورێت. بۆ وەدەستهێنانی وێنەیەکی هەمەلایەنە بە بۆچوونی من زۆر گرنگە هەموو پارامیترەکانیتریشی لێ زیاد بکرێ. کام پارامیتر؟ لەسەر ئەو پرسیارە

زانستی کۆمەڵایەتی وەڵامی گەلێك ڕوونی هەیە. لە شاری برلین لەگەڵ خاتوو نایکا فروتن "Naika Foroutan" جێگری مودیری ئەنیستیتۆی برلین بۆ لێکۆڵینەوەی ئینتیگراسیۆنی کۆچبەران چاوپێکەوتنم کرد. ئەو خاتوونە بۆی ڕوون کردمەوە کە ئینتیگراسیۆن لە زانستی کۆمەڵایەتیدا لە شێوەی ئاسایی خۆیدا بەهۆی چوار لایەنەوە دەپێورێت:

1. لایەنی پێکهاتە، کە لە کۆی پەروەردەیی - تایبەتمەندییەکانی بازاڕی کاریی و تایبەتمەندیتر وەك سڵامەتی پێکهاتووە.
2. لایەنی کولتووری، کە چالاکی و بۆچوونی مرۆڤ دەگرێتەوە وەك پرسیار لەسەر لەچکە بەسەردادان، بەشداری لە شانۆ، وەرزش و مەلێکردن یا لێهاتوویی زمانەوانی.
3. لایەنی کۆمەڵایەتی، لەو جێیانەی ئینتیگراسیۆن بۆ وێنە بەهۆی ژمارەی هەڤاڵان، ئەندامبوون لە کلووپ و پەیوەندایەتی تر وەك دراوسێ یا ... دەپێورێ.
4. هەروەها لایەنی ناسیاویی کە بە هۆی هەستی سۆزداری و پەیوەندایەتی هەروەها هەستی بە هی خۆزانینی وڵاتێك هەڵدەسەنگێندرێ.

لە ساڵی ٢٠٠٦ بەدواوە تایبەتمەندییەکانی سەبارەت بە ئینتیگراسیۆن بە وردی تەنیا لەسەر موسوڵمانان بەڕێوە دەچێ. نایکل فروتن لەسەر ئەو بۆچوونەیە جیا لە چەند نموونە نەبێ، بە گشتی هەنگاوی زۆر باش بۆ ئینتیگراسیۆن هەڵهێنراوەتەوە و سەرکەوتوویش وەدەست هێنراوە. بەڵام ئینتیگراسیۆنی موسوڵمانان زۆر بە سەبرا بەڕێوە دەچێ و کارتێکەرییەکی کەمی لەسەریان هەیە. نایکا فروتن دەڵێ باسی ئینتیگراسیۆن تەنیا لەسەر خۆگونجاندنی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگادا نییە بەڵکوو لەسەر ئەو هەڵس و کەوتەشە کە خۆیان دەڵێن:"موسوڵمانان لە کۆمەڵگای ئاڵمانیدا جێیان نییە." وەك کەمینەیەك لە وڵاتی ئاڵمان سەرەڕای هەبوونی پاسی ئاڵمانی نیوەی زیاتری ئەو مرۆڤانە نەك وەك شاروەندانی ئاڵمانی بەڵکوو جیا لە کۆمەڵ و وەك کەمینەی ئایینی سەیر دەکرێن.

ئەو چەشنە ڕوانگەیە بە هۆی ئەنستیتۆ زانستییەکانەوە دەسەلمێندرێ. سەرەڕای مودێرنیزەکردنی هەستپێکردن بە بوونی مرۆڤی بیانی وێدەچێ ئالْمانی بوون واتە دانانی مرۆڤی بیانی بە نەتەوەی ئالْمانی وەك شتێکی تایبەتی دابنرێ: ٣٧ لە سەدی ئالْمانی بە گرنگی دادەنێن کە مرۆڤ دەبێ دایك و باوك و پێشینیانی ئالْمانیان هەبێ. ئەوە بەو مانایەیە ئەو مرۆڤانەی لە ئالْمان لە دایك بوون و پاسی ئالْمانیان هەیە، بە زمانی ئالْمانی ئاخافتن دەکەن و خۆیان وەك نەتەوەی ئالْمانی هەست پێ دەکەن، سەرەڕای هەموو ئەوانەش وەك مرۆڤێکی ئالْمانی سەیر ناکرێن ئەگەر دایك و باوکیان یا باپیرانیان وەك مرۆڤی بیانی کۆچیان بۆ وڵاتی ئالْمان کردبێ.

ماوەیەکی زۆر لەگەڵ نایکا فروتن لەسەر پێداویستییەکان و چلۆنایەتی پێکهاتن و سەرکەوتوویی ئینتیگراسیۆن باس و خواسمان کرد و بۆ بەڕێوەبردنی ئەوە دەبێ لە پێش هەمووشتێکدا چ هاسانکارییەك بکرێ: وەرگرتنی بەهاکانی کولتووری "وڵاتی میوان" یا ستروکتورەکانی ئینتیگراسیۆن لە ڕوانگەی زانیاریی گشتییەوە. ڕەنگە تێئۆریناسانی ئاسیمیلاسیۆن لە ڕوانگەی لیبڕالییەوە بڵێن ئەو کارە دەگەڕێتەوە بۆ بەرپرسایەتی خودی مرۆڤەکە. لە سەرەتاوە دەبێ مرۆڤەکە خۆی لە ڕوانگەی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ وڵاتی میوان بگونجێنێ، ئینجا دەرکەی بۆ ستروکتوری ئینتیگراسیۆن بۆ دەکرێتەوە. بەو مانایە کە لە سەرەتاوە دەبێ بتوانێ بە زمانی ئالْمانی ئاخافتن بکا، کولتوور و بەهاکانی کۆمەڵگاکە وەربگری، ئینجا ئەو شانسەی پێ دەدرێ لە ڕاهێنان و زانیاری گشتی و لە کۆتاییشدا بازاڕی کاریی، چالاك بێ. بە تێئۆری ئەو کارە دەکرێ پێك بێ، بەڵام ئەو تێئۆرییانە بۆ نایکا فروتن بەس نین، ئەو دەڵێ: "تۆ دەتوانی خۆت لەگەڵ وڵاتەکە بە شێوەیەکی زۆر باش بگونجێنی، بەڵام کاتێ بێکاری، دیارە نەتتوانیوە خۆت بە باشی بگونجێنی." چونکە هەموو مرۆڤێك لێهاتوویی هاندانی خۆی نییە کە بتوانێ بە تەنیا و بە بێ یارمەتی، ڕێگای خۆی بۆ ناو ئەو سترکتورە بدۆزێتەوە. هەموو ئەو کەسانە هێندە کونجکاو نین بە وورەوە وەدوای کارەکە کەون. بەڵام کاتێ کاریان هەبێ و بێکار نەبن، ئەو هەلەیان بۆ

هەڵدەسووڕێ لەگەڵ مرۆڤەکانیتر پەیوەندیان هەبێ. ئەزموونەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کۆتاییدا باشتر بتوانن خۆیان بگونجێنن. بەهۆی کارەوە هاوکاری نوێ دەدۆزنەوە کە ئەویش خۆی دەبێتە هۆی باشتر بوونی زمانەکەیان. بە واتایەکیتر: "تەنیا لە نێوان ئەو ستروکتورەوە دەتوانێ مرۆڤ ڕێگا بۆ چوونە ناو فەرهەنگی وڵاتەکە خۆش بکا."

لە ڕاستیدا بۆ خاتو فروتن وەك کارزان هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆ و گرنگ ناگێڕێ مرۆڤ بەهۆی کام ڕێگاوە بە ئاکامەکەی دەگا. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ وەڕێبکەوێ و هەنگاوی بۆ هەڵێنێتەوە. لە باسەکەماندا لەسەر بە نموونەهینانەوەی نێگاتیڤ وەك ناوچە بیانی نیشینەکانی برلین - نوێ کۆڵن، یا دویزبۆرگ – مارکسلۆ، خاتوو فروتن ئەو ناوچانەی بە زێدەڕۆییکردنی نموونە بۆ وڵاتی ئاڵمان دانا و زۆری لەسەر تووڕە بوو. ئەو دەڵێ : "ئیالەتی ڕاین لاندفالس نموونەیەکی باشە، یاخود لە فڕانکفۆڕد، نۆرنبێرگ و ئاوگسبۆرگ دەرسەدی مرۆڤی بیانی لە هی شاری برلین زۆر زیاترە. هەروەها لە شاری مونیخ و شتوتگارت بەهەمان شێوە، بەڵام لەو جێیانەدا بەهۆی بازاڕی کاریی بەرچاوەوە، بە شێوازێکیتر لەسەر تەوەری ئینتیگراسیۆن ئاخافتن دەکرێ."

دیارە ڕاستە و سرووشتییە لەو جێیانەی کار زۆرترە ئینتیگراسیۆنیش بەچاوێکی باشتر و پۆزیتیڤترەوە سەیر دەکرێ. سەرەڕای ئەوەش هەموو ئەو جێگایانەی ناومان بردن بێ کێشە نین ئەگەر باس لەسەر ئینتیگراسیۆن و بە تایبەت موسوڵمان بێ. ڕەنگە کارکردن کێشەیەك چارە بکا بەڵام هەر بەو شێوەیەی دەیبینین چەندین کێشە هەن کە دەبێ چارەسەر بکرێن.

خاتو فروتن مەبەستی تەنیا خاڵە پۆزیتیڤەکانی کۆمەڵگایە، نەك هەر بۆ مرۆڤی بیانی بەڵکوو بۆ ئاڵمانییەکانیش. ئەو دەڵێ: "وڵاتەکە و دانیشتوانی پەرە دەستێنن. قەیران ئامادەکاری بۆ هێز دەکەن کە پێشتر لە بەرنامەی مرۆڤدا نەبووە. سەرەتای مانگی سپتامبری ٢٠١٥ وێنەکانی وێستگەی

سەرەکی شاری مونیخ سەرنجی ڕۆژنامەوانان و مێدیاکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. لە لایەن خەڵکییەوە بە چەپڵەلێدان لە مرۆڤی کۆچبەر پێشوازی دەکرێ. ئاڵمانیی شاری مونیخ لە نێو کۆچبەراندا ماکەی خواردەمەنی، ئاو، پووشەکی منداڵ و ... دەبەخشنەوە – هەستێکی سۆزداری و عاتیفی لە نێوان خەڵکەکەدا دەبینرا کە ڕوخسارێکی نوێی بۆ دنیای دەرەوە لە ئاڵمان نیشان دەدا."

ئەو خاتوونە هیواداری و گەشبینییەکی سەیری بۆ داهاتووی مرۆڤی بیانی هەیە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە خاڵە پۆزیتیڤەکان لە داهاتوودا هێندەیتریش پەرە دەستێنن. لە لایەکیتریشەوە پێیوایە کۆمەڵگا ئەو تێگەییشتوویەی هەیە کە بەکەم دانان و چەوسانەوەی مرۆڤی بیانی لە کۆتاییدا زیان بە خودی کۆمەڵگاکە دەگەێنێ. مرۆڤ لە وەچەی یەکەمی منداڵانی قوتابی بیانی چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی نەبوو کە بتوانن پێ بە پێی منداڵی ئاڵمانی وەڕێبکەون، چونکە بەشی هەرە زۆری دایك و باوکیان نەخوێندەوار بوون یا لای کەم لە زمانی ئاڵمانی تێنەدەگەییشتن و نەیاندەتوانی لە وانەی قوتابخانەدا یارمەتی منداڵەکانیان بدەن. لە ڕاستیشدا ئەو منداڵانە ئەزموونێکی باشیان وەر نەدەگرت لەبەر ئەوەی لە لایەن دایك و باوکیانەوە هان نەدەدران. بەڵام بە پێی کات بۆ وەچەی دوایینیان بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئەو شتانەی بۆ زۆربەی مرۆڤ وەك سناریۆیەکی ترسێنەرە، بۆ خاتوو فروتن وەك شانسێکی جیددی لە ژیانیاندایە. لە فرانکفۆرت نیزیکەی ٧٠ لە سەدی قوتابیان دایك و باوکی بیانیان هەیە. لە زۆربەی گەڕەکەکانی شاری برلین و ئیالەتی نوردراین ویستوالن بە هەمان شێوەیە. دیارە ئەوە نەك هەر کارتێکەری لەسەر منداڵان دادەنێ بەڵکوو مرۆڤ دەبێ لەخۆی پرسیار بکا: "ئینتیگراسیۆن لە کوێوە و لە کام لاوە بۆ کام لا دەبێ پێك بێ؟" ئەو تێکەڵاوییە ڕەنگە لە داهاتوو ببێتە هۆی تێکدان و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی.

باس و گفت وگۆی من لەگەڵ خاتوو فروتن کە لە بەشەکانیتری ئەم کتێبەدا دەهێنم کە گۆشەیەکی بەرجەستە لەسەر باسی ئینتیگراسیۆنی بۆخۆی دروست کردوە. تاقمێکیش لەو زانا و پسپۆرانەی وتووێژم لەگەڵ کردوون بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ئەو تەوەرە دەکەن وەك ئەحمەد مەنسوور کە باوەڕێکی ئەوتۆی بەو ئەنیستیتۆ زانستییانە نییە کە لەسەر چەشنی هەڵس و کەوتی مرۆڤی بیانی لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی پشکنین دەکەن. ئەو خۆی بە گەنجانی موسوڵمانەوە بەتایبەت ئەوانەی ئیمانیان بە جیهاد هەیە خەریك کردووە و لەگەڵیان لەسەر تەوەری ئایین باس و گفت و گۆ دەکا. هەروەها سەردانی قوتابخانەکان دەکا و چاوی بە منداڵانی موسوڵمان دەکەوێ بۆ ئەوەی وێنەیەك لە هەڵس و کەوتی ئەوان لە هەنبەر تەوەرە هەمەڕەنگەکانیان لێ وەرگرێ.

لە چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ ئەحمەد مەنسوور باسی ئەزموونی تاقیکارییە زانستییەکانم بۆ کرد کە تاقمێکیان هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە موسوڵمانان لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی باش خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگا گونجاندووە. کێشەی سەرەکی لەوەدا دەبینن کە زۆرینەی ئەو گەنجانە لە لایەن کۆمەڵگا سەرەکییەکەوە نەسەلمێندراون و پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵدا نەکراوە. مانسوور دەڵێ ئەو تاقیکارییە زانستییانە ماڵ وێران کەرن: "من باوەڕم بە زۆربەی ئەو ئەنستیتۆیانە نییە کە دەڵێن ئینتیگراسیۆن ڕێگایەکی پۆزیتیڤ و باشی گرتووە. زۆربەیان لە ڕوانگەی سیاسییەوە هاندراون و ناچنە قووڵایی کێشەکانەوە و پرسیار لەسەر هەڵس و کەوتی ڕاستەقینەی ئەو مرۆڤانە ناکەن. زۆربەشیان نایانەوێ باس لە ڕاستەقینەی کێشەکان بکەن، بەڵکوو تەنیا دەیانەوێ ئەندامانی کۆمەڵگا ئارام بکەنەوە."

لە نێوان ئەو دوو جەمسەرە، بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێم کە ئایا ئینتیگراسیۆن ڕاستەقینەیە یا تەنیا چیرۆکێکی خەیاڵیە؟ بەدواداگەڕانێك کە زۆر ساکار نییە و لە کۆتاییەکەیدا بۆم ڕوون دەبێتەوە کە ئاکامی کارەکە ئەزموونێکی جیاواز لە هەواڵی ئەنستیتۆ زانستییەکان بە مرۆڤ دەدەن. مێژوو و بەسەرهاتی مرۆڤی بیانی، بەتایبەت ئەو

کەسانەی من لەگەڵیاندا باس و وتووێژم کردووە گەلێك هۆکار و بەڵگە دەخەنە سەر ڕێی هەرەسهێنان یا هەرەسنەهێنانی ئیتیگراسیۆن.

درێژەی هەیە ...